ئەکادیمیای کوردی
KURDISH ACADEMY

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٦ – ٢٠٢٦

گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر

پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین

د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:

پ. د. قەیس کاکل تۆفیق

پ. د. بەختیار سەجادی

پ. د. فەرهاد قادر کەریم

پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان

پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف

پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:

پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ

پ. د. مارتن ڤان برونسن

پ. د. جەلیلی جەلیل

پ. د. ساڵح ئاکین

پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی

پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک

پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە



Web: journal.ka.gov.krd

ISSN: 2520- 4106

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان


* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن ٢٠٢٥/١٠/٤
پەسەندکردن ٢٠٢٥/١٢/٤

# کۆمەڵناسی میدیایی لای پییەر بۆردیۆ: تێڕوانینێک بۆ ڕۆڵی هەژموونی سیمبولی لە دیاریکردنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا

هێمن ئەمین جەلال شوانی
زانکۆی جیهان-هەولێر
hemin.shwani@cihanuniversity.edu.iq

د. عەمار نجم الدين هواس
زانکۆی جیهان-هەولێر
ammar.hawas@cihanuniversity.edu.iq

پوختە

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، میدیا ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە پێکهێنانی ئاستی تێگەیشتنمان لە جیهان و شوناسی کۆمەڵایەتی دەبینێت. ئەم توێژینەوەیە روانگەی کۆمەڵناسی فەرەنسی پییەر بۆردیۆ لەسەر کۆمەڵناسی میدیایی و چۆنیەتی کاریگەریی هەژموونی سیمبولی لە داڕشتنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا شیدەکاتەوە، بەتایبەتی لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە.

ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە شیکردنەوەی چەمکە سەرەکییەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە میدیا، وەک "خێرایی"، "توندوتیژیی ڕەمزی یان هێمایی"، "لێکچوونی میدیاکان"، "دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان" و "شاردنەوەی زانیارییەکان"، هەروەها خستنەڕووی ڕەخنەکانی بۆردیۆ لەسەر ڕۆڵی میدیا لە دروستکردنی فیڵی گومڕاکردن بەتایبەت تەلەڤزیۆن. توێژینەوەکە پشتی بە ڕێبازی شیکاریی تیۆری (Theo-retical Analysis) بەستووە و، کارە سەرەکییەکانی بۆردیۆی شیکردووەتەوە بەتایبەت کتێبی (تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی بە عەقڵ) و، بۆچوونەکانی بەگشتی لە چوارچێوەی میدیای هاوچەرخدا هەڵسەنگاندووە.

توێژینەوەکە گەیشتۆتە کۆمەڵێک ئەنجامی گرنگ، کە بریتی بوون لە: میدیا وەک کایەیەکی دەسەڵات کار دەکات و هەژموونی سیمبولی دەسەپێنێت؛ چەمکەکانی هابیتوس و سەرمایە ڕۆڵی سەرەکییان لە داڕشتنی وێنەی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانەوەی نایەکسانیدا هەیە؛ تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمێکی کارا بۆ دەستکاریکردنی بیروبۆچوون و شێواندنی واقیع بەکار دێت؛ خێرایی و پێشبڕکێ لە میدیادا وردبینی کەم دەکەنەوە و دەبنە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری ڕووکەش و ناڕاست. هەروەها، بۆچوونەکانی بۆردیۆ هێشتا بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی میدیای دیجیتاڵی و شەڕی زانیارییەکان زۆر گونجاو و بەسوودن. ئەمەش پێویستی بە هۆشیارییەکی میدیایی بەهێزە بۆ پاراستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ.

کلیلە وشە: پییەر بۆردیۆ، کۆمەڵناسی میدیایی، تەلەڤزیۆن، توندوتیژیی ڕەمزی، سەرمایەی ڕەمزی.

## پێشەکی

لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، میدیا ڕۆڵێکی ناوەندی و پڕ کاریگەری دەبینێت لە پێکهێنانی ئاستی تێگەیشتنمان لە جیهان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شوناسی تاکەکەسی (Couldry & Hepp 2017-). پەرەسەندنی خێرای تەکنۆلۆژیا و بڵاوبوونەوەی پلاتفۆرمە میدیاییە جۆراوجۆرەکان پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵتر لە ڕۆڵی میدیا و کاریگەرییە ئاڵۆزەکانی لەسەر کۆمەڵگە هێناوەتە کایەوە، لەم چوارچێوەیەدا، پییەر بۆردیۆ ١٩٣٠-٢٠٠٢ (Pierre Bourdieu) وەک یەکێک لە بیرمەندە دیارەکانی بواری کۆمەڵناسی و میدیا، کە بە تیۆرە ڕەخنەییەکانی دەربارەی پەیوەندی نێوان دەسەڵات، کەلتوور و میدیا ناسراوە؛ تەلەڤزیۆنی وەک ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەژموونی سیاسی و فیکری سەرمایەداری دەبینی، نەک تەنها وەک میدیا (Bourdieu ١٩٩٦). ئەم توێژینەوەیە جەخت لەسەر تەلەڤزیۆن وەک یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی میدیا دەکاتەوە، کە لە سەدەی ڕابردودا ڕۆڵی بەرچاوی لە داڕشتنەوەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان و تێڕوانینە گشتییەکان هەبووە، هەروەک توێژینەوەکە هەوڵ دەدات وەڵامی ئەو پرسیارە سەرەکیە بداتەوە، کە پییەر بۆردیۆ چۆن لە کۆمەڵناسی میدیایی تێدەگات و چ چەمک و تیۆرییەکی پێشکەش کردووە بۆ شیکردنەوەی ڕۆڵی هەژموونی سیمبولی لە دیاریکردنی وێنەی کۆمەڵایەتیدا؟ توێژینەوەکە هەوڵێکی زانستیە بۆ شیکردنەوەی چوارچێوەی تیۆری پییەر بۆردیۆ بۆ کۆمەڵناسی میدیایی، بەتایبەتی سەرنج دەخاتە سەر ئەو میکانیزمانەی کە تەلەڤزیۆن و میدیا بەکاریان دەهێنن بۆ ئاراستەکردن و دەستکاریکردنی بیرکردنەوە و تێگەیشتن و دروستکردنی هەژموونی سیمبولی و داڕشتنی وێنەی کۆمەڵایەتی. هەروەها هەوڵ دەدات چەمکە سەرەکییەکانی وەک هابیتوس، مەیدان، سەرمایە و هێزی ڕەمزی لە چوارچێوەی توێژینەوەی میدیاییدا ڕوون بکاتەوە، بەگشتی ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە:

-خستنەڕووی ئەو ڕەخنانەی بۆردیۆ ئاراستەی میدیای دەکات، بەتایبەتی لە ڕۆڵی لە دروستکردنی فێڵی گومراکردن و سەرلێشێواندن.

-کاریگەرییە تیۆرەکانی بۆردیۆ لەسەر تێگەیشتن لە دیاردە میدیاییەکانی ئێستا، بەتایبەتی لە کاتی قەیران و ململانێکان و شیکردنەوەی شەڕی زانیارییەکان.

-تاوتوێکردنی ڕۆڵی زمان و گێڕانەوە لە شێوەدانی ڕای گشتی و تێگەیشتن لە واقیع لە میدیادا، لەگەڵ تێڕوانینی بۆردیۆ بۆ ڕۆڵی ڕۆشنبیران.

هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کاریگەرییە میدیایەکان پێشکەش دەکات، بە تایبەت لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەی وەک بۆردیۆ. لە کاتێکدا ئامرازەکانی میدیا بەردەوام لە گۆڕاندایە، تیۆرەکانی بۆردیۆ کۆمەڵێک ئامرازی شیکاری بەهێز دەخەنە ڕوو بۆ توێژینەوە لە چۆنیەتی دروستبوون و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی سیمبولی لەناو کۆمەڵگەدا. هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە بە تایبەت گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی داڕشتنی واقیع و شوناسی کۆمەڵایەتی لەڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە، کە تا ئێستاش سەرەڕای پەرەسەندنی میدیای دیجیتاڵی، سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ زانیاری و کات بەسەربردن.

ئەوەی پەیوەستە بە کێشەی توێژینەوەکە ئەوەیە، کە سەرەڕای کاریگەرییە گەورەکانی میدیا لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان، هێشتا توێژینەوەیەکی قووڵ و گشتگیر لەسەر چۆنیەتی کاریگەرییە

ناڕاستەوخۆ و ناڕۆشنەکانی میدیا لەسەر داڕشتنی هابیتوس، پێکهێنانی بیروڕای گشتی و هەژموونی سیمبولی لەسەر شێوەگرتنی وێنای کۆمەڵایەتی بەتایبەت لە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆوە، کەمە. زۆرجار توێژینەوەکان تەنها سەرنج دەخەنە سەر کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی میدیا، بەڵام کەمتر باس لەو میکانیزمە ئاڵۆزانە دەکرێت، کە بۆردیۆ ئاماژەی پێکردوون، وەک 'توونددوتیژیی ڕەمزی' یان 'یاریکردن بەعەقڵ' لەلایەن تەلەڤزیۆنەوە. ئەم بۆشاییە زانستییە پێویستی بە شیکردنەوەیەکی تیۆری هەیە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیا وەک هێزێکی داڕێژەری کۆمەڵایەتی.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی کاریگەری هەژموونی سیمبولی لەسەر شێوەگرتن یان دروستبوونی وێنای کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، پشت بە ڕێبازی شیکاریی تیۆری (Theoretical Analysis) بەستراوە، لە چوارچێوەی شیکردنەوەی قووڵ و کارە سەرەکییەکانی پییەر بۆردیۆ، بەتایبەت کتێبی "لەبارەی تەلەڤزیۆنەوە (On Television) و کارەکانی دیکەی کە پەیوەندییان بە چەمکەکانی وەک هابیتوس، مەیدان، سەرمایە، و هێزی ڕەمزییەوە هەیە. هەروەها بەراوردکاری لەگەڵ بیرمەندانی دیکەی بواری کۆمەڵناسی میدیادا دەکرێت و نموونەی هاوچەرخ لە میدیای تەلەڤزیۆنی و دیجیتاڵیدا بەکار دەهێنرێت بۆ وێناکردنی تیۆرەکان بە کردار.

پییەر بۆردیۆ و ژیان و بەرهەمەکانی:

پییەر بۆردیۆ (Pierre Bourdieu) یەکێک بوو لە کاریگەرترین بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەم. ژیان و کارەکانی لە فەرەنسا و دواتریش لە ئاستی جیهانیدا، کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر بوارەکانی کۆمەڵناسی، ئەنترۆپۆلۆژی، پەروەردە، و میدیا هەبوو.

پییێر بۆردیۆ لە (١٩٣٠/٨/١) لە ناوچەی (دینگوین، بێرن)ی باشوری ڕۆژئاوای فەرەنسا لەدایک بوە، باوکی سەرەتا جوتیار بووە، دواتر بۆتە فەرمانبەری حکومی و لە خزمەتگوزاری پۆستەدا کاریکردوە و بەرپچەڵەک گوندنشین بووە، بەهەمان شێوە دایکیشی هەر لە فەرمانگەی پۆستە کاریکردوە، بۆردیۆ لە قوتابخانەیەکی ئامادەیی گشتی خوێندویەتی پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانەی (لیسی لویس-لی-گراند) لە پاریس؛ لە ساڵی (١٩٥٤) بڕوانامەی لە توانستی پەروەردەیی لە فەلسەفە لە قوتابخانەی (نۆرمان سوپەریۆر) لە پاریس بەدەستهێنا، لەگەڵ تەواوکردنی خوێندن، بۆردیۆ لە (قوتابخانەی ئامادەیی مۆلینز) کە شارۆچکەیەکی بچوکە لە ناوەڕاستی فەرەنسا دەستی بە وانەوتنەوەی فەلسەفەی کردوە، بەڵام دوای ئەزمونێکی کورت بۆ خزمەتی سەربازی لەلایەن ئۆفیسی دەرونی سوپا لە شاری ڤێرسای بانگهێشت کرا و، بە خێرایی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئاشتیدا ڕەوانەی جەزائیر کرا، لە ساڵی (١٩٥٨) پۆستێکی وەک وانەبێژ لە فاکەڵتی ئاداب لە جەزائیر وەرگرت، بۆردیۆ لە کاتی جەنگی جەزائیردا دو توێژینەوەی ئەنجامدا، یەکەمیان توێژینەوەیەکی ئێتنۆگرافی بو لەبارەی ململانێی گەلی کابیل؛ ئەنجامی ئەو توێژینەوەیەی لە یەکەم کتێبیدا بە ناوی (-Soci ologie de L'Algerie The Sociology of Algeria ) بڵاوکردەوە. بەمەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ شارەزای داگیرکاری فەرەنسی بوو، ئەم شارەزایەش کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی هەبو و، ڕێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیا

و کۆمەڵناسی کۆشش بکات (Robbins ٢٠٠٢). ”ئیتر لە پاش مانگرتنەکەی کرێکارانی هێڵی ئاسنی شاری لیۆن لە کانونی یەکەمی (١٩٩٥)ەوە؛ بۆردیۆ دەبێتە دیارترین سیمای ڕۆشنبیری لەسەر شەقام و شوێنە گشتیەکانی فەرەنسادا، کە داکۆکی لە مانگرتن دەکات و پێش ئاپۆرەی خۆپیشاندان و ڕیپێوانی کرێکاران و پەنابەران و هۆمۆسێکسواڵەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەوێت“ (ئەحمەد ٢٠٠٦: ٣٩). بۆردیۆ لە (٢٣/١/٢٠٠٢)بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد، لە دوای خۆی زیاتر لە (٣٠) کتێب و سەدان وتار و توێژینەوەی بلاوکردەوە، کە بەشێکی زۆریان کاری وەرگێرانیان بۆ دیارترین زمانە زیندوەکانی جیهان بۆ کراوە.

چەمکە سەرەکییەکانی بۆردیۆ لە کۆمەڵناسی میدیاییدا:

هابیتوس (Habitus)

چەمکی "هابیتوس" یەکێکە لە چەمکە ناوەندییەکانی تیۆرییەکانی پییەر بۆردیۆ، کە وەک پردێک لە نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بابەتییەکان و پراکتیکە تاکەکەسییە سوبژێکتیڤەکاندا وێنای دەکات. بۆردیۆ لە کتێبی "هێڵکاری تیۆری پراکتیک"، کە لە ساڵی (١٩٧٢)دا بلاوکراوەتەوە؛ دەڵێ هابیتوس بریتییە لەو خو، مەیل، سەلیقە و شێوازە بیرکردنەوانەی کە تاکەکان لە ڕێگەی ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە لەناو خێزان، قوتابخانە، و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەدەستی دەهێنن (Bourdieu, ١٩٧٧/١٩٧٢)، بەو جۆرە هابیتوس کاریگەری لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوە و بەشداریکردنی تاکەکان لەگەڵ فۆرم و پراکتیکە کەلتوورییەکاندا هەیە، بەجۆرێک خەڵکی لە پاشخانی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە پەرە بە خویەکی جیاواز دەدەن، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئارەزو و پراکتیزە کەلتوورییەکانیان (Ball, 2003, P:115).

لە چوارچێوەی کۆمەڵناسی میدیاییدا، هابیتوس ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لەسەر تێڕوانین، هەست، بیرکردنەوە و کردار و چۆنیەتی بەکارهێنان و لێکدانەوەی میدیا لەلایەن تاکەکانەوە. بۆ نموونە، هابیتوسی کەسێک کاریگەری لەسەر جۆری بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، ناوەڕۆکی هەواڵ، یان پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان هەیە کە هەڵیاندەبژێرێت و بەشداری تێدا دەکات. هەروەها، هابیتوس کاریگەری لەسەر چۆنیەتی تێڕوانینی بینەران بۆ پەیامە میدیاییەکان دەبێت؛ ئایا بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە وەریاندەگرن یان بە ئاسانی قبوڵیان دەکەن. میدیا، بە تایبەت تەلەڤزیۆن، بە بەردەوامیدان بە وێنە و وتارێکی دیاریکراو، بەشدارە لە پەرەپێدانی هابیتوسێکی گونجاو لەگەڵ سیستمی باڵادەستدا، ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی هەژموونی سیمبولی. بە واتایەکی تر، هابیتوس و میدیا بە شێوەیەکی دیالێکتیکی کارلێک دەکەن، میدیا هابیتوسەکان پێکدەهێنێت و بەهێزیان دەکات و هابیتوسەکانیش بە پێچەوانەوە شێوەی بەکارهێنان و کارلێککردن لەگەڵ میدیادا دیاری دەکەن (Benson & Neveu, ٢٠٠٥).

سەرمایە (Capital)

پییەر بۆردیۆ، بە پێچەوانەی تێڕوانینە تەسکەکانی سەرمایەی ئابووری وەک ئەوەی کارل مارکس باسی دەکات، چوار فۆرمی سەرەکی نوێ بۆ سەرمایە دەستنیشان دەکات، کە لەناو بوارە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا کارلێک دەکەن و ڕۆڵیان لە دیاریکردنی پێگە و دەسەڵاتدا هەیە (Bourdieu, ١٩٨٦)، ئەم چەمکانە بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی میدیا و تەلەڤزیۆن لە پرۆسەی هەژموونی سیمبولیدا زۆر

گرنگن، ئەوانیش بریتین لە:

سەرمایەی ئابووری (Economic Capital): ئەمە فۆرمی هەرە دیار و بنەڕەتی سەرمایەیە، کە سامان و سەرچاوە مادییەکان (وەک پارە، موڵک، زەوی) دەگرێتەوە. ئەمانە لە چوارچێوەی میدیادا کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر خاوەندارێتی و کۆنترۆڵی دامەزراوە میدیاییەکان (وەک کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان، کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان) هەیە، بۆ نموونە ئەو گروپ و تاکانەی خاوەنی سەرمایەی ئابووری زۆرن، توانایەکی زیاتریان بۆ دارشتن و بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکان هەیە و، باشتر دەتوانن خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن.

سەرمایەی کۆمەڵایەتی (Social Capital): ئاماژەیە بۆ ئەو سەرچاوانەی لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندییەکانەوە بەدەست دێن (Bourdieu & Passeron, ١٩٧٧)، لە کایەی تەلەڤزیۆن و میدیادا، ئەم جۆرە سەرمایەیە ڕۆڵی خۆی هەیە، بۆ نموونە:

ڕۆژنامەنووسان، میوانەکان، یان شارەزایان کە پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکان، بازرگانان، یان کەسایەتییە دیارەکاندا هەیە، دەتوانن زانیاری تایبەت بەدەست بهێنن و کاریگەری لەسەر ناوەڕۆکی بەرنامەکانیان دروست بکەن.

ئەو کەسانەی خاوەنی تۆڕێکی فراوانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتین، دەتوانن بە ئاسانی دەرفەتی دەرکەوتن لە تەلەڤزیۆن یان کاریگەری لەسەر ڕای گشتی بەدەست بهێنن (زیباری، ٢٠١٧: ٢٧٧).

سەرمایەی کەلتووری (Cultural Capital): ئەمەیان زانیاری، لێهاتوویی، خو و شێوازە کەلتوورییەکان دەگرێتەوە، کە تاکەکان لە ڕێگەی پرۆسەکانی بە کۆمەڵایەتیکردن و پەروەردە و میدیاوە بەدەستی دەهێنن، بۆ ئەو مەبەستەش بۆردیۆ سێ فۆرمی دەستنیشان کردوە، کە بریتین لە (سیوەیلی ٢٠١٠ : ٧٨-٧٩):

بەرجەستەبوو (Embodied): وەک زمانپاراوی، لێهاتوویی قسەکردن، ڕەوشت، یان شێوازی جلوبەرگ کە لە کەسایەتی تاکدا جێگیر بوون. لە تەلەڤزیۆندا، ئەمانە دەتوانن ڕەنگدانەوەیان لە شێوازی قسەکردنی بێژەران، شێوازی پێشکەشکردنی بەرنامەکان، یان جۆری ئەو کەسایەتیانە هەبێت، کە بانگهێشت دەکرێن و خاوەنی "ڕۆشنبیری بەرزن.

بابەتی (Objectified): وەک خاوەندارێتی کتێب، تابلۆی هونەری، ئامێری مۆسیقا، یان شتومەکی گرانبەها و عەنتیکە. لە تەلەڤزیۆندا، ئەمانەش دەتوانرێت لە ڕێگەی نمایشکردنیان لە پاکگراوندی بەرنامەکان یان لە ماڵی کەسایەتییەکاندا، وەک نیشانەی پێگەی کۆمەڵایەتی و سەلیقە دەربکەون.

دامەزراوەیی (Institutionalized): وەک بڕوانامە ئەکادیمییەکان، ناونیشانە فەرمییەکان، یان پلەی وەزیفی...هتد، بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆندا؛ دەرکەوتنی کەسانی خاوەن دکتۆرا، پرۆفیسۆر، یان بەرپرسانی حکومی، سەرمایەی کەلتووری دامەزراوەییان بەکار دەهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی متمانە بە پەیامەکانیان.

سەرمایەی ڕەمزی یان هێمایی (Symbolic Capital): ئەمە فۆرمێکی باڵاتری سەرمایەیە کە ئاماژەیە بۆ ئەو شکۆ، ناساندن و ئەو شەرەفەی تاک یان گروپەکان لە کۆمەڵگەدا بەدەستی دەهێنن (بوردیو ٢٠١٣: ٢٠٤). سەرمایەی ڕەمزی لە بنەڕەتدا هەر سێ جۆرە سەرمایەکەی دیکەیە، کە لەلایەن کۆمەڵگەوە دانی پێدا نراوە و وەک شایستەیی و ڕێز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. تەلەڤزیۆن ڕۆڵێکی

گرنگی لە بەرهەمهێنانەوە و بڵاوکردنەوەی سەرمایەی ڕەمزیدا هەیە، بۆ نموونە ئەو کەسایەتی و گرووپانەی لە تەلەڤزیۆنەوە نمایش دەکرێن یان بایەخیان پێدەدرێت، سەرمایەی ڕەمزییان بەرز دەبێتەوە، بەمەش دەسەڵاتیان لە دروستکردنی واتای کۆمەڵایەتی و دارشتنی وێنەی گشتی و کۆمەڵایەتیدا زیاتر دەبێت.

لەم ڕوانگەیەوە، تەلەڤزیۆن وەک پانتاییەک کار دەکات و، جۆرە جیاوازەکانی سەرمایە لە ململانێ و کارلێکدان، بەرهەمی سیمبولی و هەژموونی سیمبولی دروست دەکاتەوە و، کاریگەری لەسەر وێنەی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینە گشتییەکان دروست دەکاتەوە.

## مەیدان (Field)

یەکێکی دیکە لە چەمکە سەرەکییەکانی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکەی پییەر بۆردیۆ بریتییە لە چەمکی "بوار" یان "کایە"، بۆردیۆ پێی وایە کۆمەڵگە لە چەندین بواری کۆمەڵایەتی جیاواز پێکدێت، هەریەکەیان خاوەنی کۆمەڵێک یاسا و پێکهاتەی دەسەڵات و پراکتیکی تایبەت بە خۆیانن (Bourdieu, ١٩٩٠)، ئەم بوارانە دەشێت پەروەردە، هونەر، سیاسەت، ئابووری، یان میدیا بن. تێگەیشتن لە چەمکی بوار زۆر گرنگە بۆ شیکردنەوەی میکانیزمەکانی دەسەڵات، نایەکسانی و بەرهەمهێنانەوەی کۆمەڵایەتی، بەتایبەت کایەی میدیا وەک مەیدانێکی بەهێز بۆ ململانێ و دەسەڵات دەبینرێت، کە سەرمایەیەکی ڕەمزی بە نرخە، چونکە توانای دەستکاریکردنی ڕای گشتی هەیە. ئەم کایەیە، لە ڕێگەی "خێرایی" و "لێکچوون" و بەکارهێنانی "توندوتیژی ڕەمزی" و "زمانی میدیایی"ەوە، توانای شێوەدان بە واقیع و چەسپاندنی نایەکسانی کۆمەڵایەتی هەیە. تێگەیشتن لەم میکانیزمانە زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن وەرگرەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت بەرەنگاری دەستکاریکردن و گومڕاکردن ببێتەوە.

بۆردیۆ کایە بە سیستمی پەیوەندییە بابەتییەکان دەبینێت کە هاوشێوەی یارییەکە، نوێنەرەکان (تاکەکان یان گرووپەکان) لە پێناو بەدەستهێنانی سەرمایەی تایبەت بەو بوارەدا کێبڕکێ دەکەن، هەر کایەیەکیش تا ڕادەیەک خاوەنی سەربەخۆییە، واتە خاوەنی لۆژیک و یاسا و بەرژەوەندی تایبەت بە خۆیەتی و تاکەکان یان نوێنەرەکان هەوڵدەدەن بەدەستی بهێنن. بۆ نموونە، لە بواری ئابووریدا سەرمایەی ئابووری (پارە، موڵک) گرنگە، لە بواری پەروەردەییدا سەرمایەی کەلتووری (زانست، لێهاتویی زمانەوانی، بڕوانامە) (Bourdieu, ١٩٨٦)، هەروەک لە بواری میدیایشدا سەرمایەی ڕەمزی (ناوبانگ، شەرەف، توانای شێوەدانی ڕای گشتی) گرنگە (بوردیو، ٢٠١٣)، بەڵام ئەم کایانە سەربەخۆیی تەواویان نییە، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە، جگە لەوەش ئەو چالاکییە جۆراوجۆرانەن کە تاکەکان لەناو کایەکانیاندا ئەنجامی دەدەن بۆ کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی سەرمایەی زیاتری کایەکە و پاراستن یان گۆڕینی پێگەی خۆیان (Bourdieu, ١٩٩١). هاوکات لەناو کایەکانیشدا، دەسەڵاتداران یان ئەو گرووپانەی خاوەنی سەرمایەیەکی زۆرن، دەتوانن توندوتیژی ڕەمزی یان هێمایی پیادە بکەن. ئەم توندوتیژییە لە ڕێگەی هێما و کەلتوور و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاردەکات و دەتوانێت تێڕوانین و ڕەفتار و ناسنامەی تاکەکان لە قاڵب بدات و کۆنترۆڵی بکات (هەمەوەند ٢٠١٧).

بۆردیۆ و میدیا

بۆردیۆ تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەی لەسەر ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا هەبوو. ئەو پێی وابوو میدیا وەک کایەیەکی دەسەڵات کاردەکات، کە تێیدا گرووپە باڵادەستەکان کۆنترۆڵی گێڕانەوەکان و شێوازی گەیاندنی ڕووداوەکان دەکەن، چونکە پێی وابوو میدیا بە شێوەیەکی گشتی ئەو بەهایانە بڵاودەکاتەوە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی چینی دەسەڵاتدار دەکەن و بەمەش هاوکارە لە بەردەوامیدان بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی. بۆردیۆ پێیوایە میدیا کایەیەکی پڕ لە ململانێیە، کە تێیدا گرووپە جیاوازەکان هەوڵدەدەن دەسەڵاتی هێمایی بەدەست بهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنی واتاکان و چۆنیەتی تێگەیشتن لە ڕاستی. ئەو هەروەها تیشکی خستە سەر "توندوتیژی هێمایی"، کە تێیدا میدیا بە شێوەیەکی نەستەکی و ناڕاستەوخۆ دەسەڵاتی باڵادەست قبوڵ دەکات و بەمەش تاکەکان ناچار دەبن باوەڕ بەو واتایانە بکەن کە میدیا دروستی دەکات، وەک ئەوەی سروشتی و ڕاستی بن. بۆردیۆ داوای میدیایەکی ئازاد و سەربەخۆی دەکرد کە لە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریدا نەبێت و، بتوانێت بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە ڕووداوەکان ڕووماڵ بکات و فرەچەشنیی بۆچوونەکان بگوازێتەوە. لێرەدا بە وردی بۆچونەکانی دەخەینەڕووو شیکاریان بۆ دەکەین

## شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانەی بۆردیۆ بۆ تەلەڤزیۆن

هەرچەندە پییەر بۆردیۆ، لە بەشی زۆری بەرهەمەکانیدا بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باسی لە کایەی میدیا کردووە، بەڵام لە کتێبی "تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی بەعەقڵ" (Television and the Mechanisms of Mind Manipulation)، کە یەکێکە لە گرنگترین کارەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە میدیا، بە شێوەیەکی ورد و زانستی بۆچوونەکانی لەبارەی میدیا بە گشتی و شیکارییە ڕەخنەییە قووڵەکانی بۆ تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی سەرەکی میدیا و ڕۆڵی لە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و هزری و کەلتوری پێشکەش دەکات. (بۆردیۆ) لە ڕێگەی کتێبەکەیەوە کە لە ساڵی (١٩٩٦)دا بڵاوکرایەوە و، یەکێکە لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی، لە ناوەخنیدا هاوارێکی توندی هەڵگرتوە بۆ ئیدانەکردنی ئەو ڕۆڵە نەرێنییەی کە تەلەڤزیۆن لە یاریکردن بەعەقڵ دەیگێڕێ، بە بڕوای ئەو تەلەڤزیۆن بەناوبانگترین ئامرازی میدیاییە، کە لەم سەردەمەدا خۆراک بەبیر و هۆشی تاکەکانی کۆمەڵگە دەدات، چونکە پەیام لە شێوەی وێنەدا دەگەیەنێت، ئەوەش لە مێشکی تاکەکاندا دەچەسپێت. لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، تەلەڤزیۆن تەنها سەرچاوەیەکی بێلایەنانەی زانیاری نییە، بەڵکو میکانیزمێکی کارایە بۆ داڕشتنی ڕای گشتی و سەپاندنی ئایدۆلۆژیای چینە باڵادەستەکان، ئەوەش بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک تەکنیک و ڕێکار کە بریتین لە:

تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمێک بۆ شاردنەوەی بابەتە گرنگەکان: بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن وەک جادووگەرێک کار دەکات، سەرنجی بینەران بۆ بابەتێکی کەم گرنگ ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی بابەتێکی دیکەی گرنگتر بشارێتەوە، ئەم کردارەش بە "شاردنەوە لە ڕێگەی دەرخستنەوە" ناودەبات (لعیاضي ٢٠١٩). چونکە ئەم میکانیزمە بریتییە لە پیشاندانی ڕووداو یان پرسێکی ڕووکەش بەشێوەیەکی زەق و وروژێنەر، بەو ئامانجەی سەرنجی گشتی لەسەر کێشە بنەڕەتییەکان و

ئاڵنگارییە قووڵەکانی کۆمەڵگە لابدات. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی لەلایەن بینەرانەوە. هەروەها بۆردیۆ بە وردی باسی چۆنیەتی "شاردنەوەی زانیارییەکان" لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە دەکات و، دەڵێت: "ئەمە تەنها بریتی نییە لە سانسۆرکردنی ڕاستەوخۆ، بەڵکو بریتییە لە هەڵبژاردنی بابەتەکان، چوارچێوەدانان بۆ هەواڵەکان، لەگەڵ تەرخانکردنی کاتی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی بابەتەکان، بە شێوازێک خزمەت بە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارەکان دەکات (Ab-bas, ٢٠٢١) ، بەو جۆرە وەک بۆردیۆ ئاماژەی بۆ دەکات تەلەڤزیۆن دەتوانێت واقیعێک دروست بکات کە ڕاستییەکە بشێوێنێت (Bourdieu, 1998) ، بەجۆرێک وێنەکان واقیع لەبیر دەبنەوە و واقیعێکی دروستکراو دەسەپێنن.

کۆنترۆڵی خاوەندارێتی و ئاراستەکردنی زانیاری:

یەکێک لە میکانیزمە سەرەکییەکانی دەستکاریکردن، پەیوەستە بە کۆنترۆڵی خاوەندارێتی میدیا و ئاراستەکردنی زانیارییەکان، بۆردیۆ پرسیاری "کێ خاوەنی زانیارییە؟" دەوروژێنێت و ئاماژە بەوە دەکات ئەوانەی زانیاری بەرهەم دەهێنن؛ ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەیان کۆنترۆڵ کردووە، دەسەڵاتی سەپاندنی دیدگای خۆیان بەسەر خەڵکدا هەیە (خومەیسی، ٢٠٢١). ئینجا ئەم خاوەندارێتییە دەکرێت دەوڵەت، خێزانی دەسەڵاتدار، یان سەرمایەدارێکی گەورە بێت، وەک نموونەی کۆمپانیاکانی جنراڵ ئێلێکتریک و سی ئێن ئێن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان سیلڤیۆ بێرلسکۆنی لە ئیتاڵیا (خومەیسی ٢٠٢١). لەم چوارچێوەیەدا، تەلەڤزیۆن دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی "سیستمی هێمایی" باو و جێبەجێکردنی "توندوتیژی هێمایی" (symbolic violence) بەسەر بینەراندا (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). ئەم توندوتیژییە هێماییەش بە شێوەیەکی هێواش و ناڕاستەوخۆ کار دەکات، بەبێ ئەوەی بینەر هەستی پێبکات، چونکە لە ڕێگەی ئاماژە و زمانەوە دەسەپێنرێت، قوربانییەکەش بە شێوەیەکی بێ ئاگا قبوڵی دەکات و بە شێوازێکی سروشتی دەبینێت (Bour-dieu, 1991)، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و بڕیاردانیان هەیە. بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم توندوتیژییە هێماییە بەشێکە لە هەوڵێکی سیستماتیکی چینە باڵادەستەکان بۆ پاراستنی هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا، بە دروستکردنی کۆدەنگییەک کە لە بەرژەوەندی ئەواندا بێت. ئەو دەڵێت بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکان، هەرچییەک بن، چەندین کاریگەری سیاسی و ئابوورییان لەسەر بینەران هەیە، چونکە لە تەلەڤزیۆن پسپۆڕ هەیە کاریان داڕشتنی ناوەڕۆکی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنیانە، بە شێوەیەک سەرنجی بینەر دەوروژێنێت و هەستەکانی دەجوڵێنێت و بیرکردنەوەکانی کۆنترۆڵ دەکەن (بوردیو ٢٠٠٤ :٢٣). بەم شێوەیە تەلەڤزیۆن وەک ڕوانگەیەک گوزارشت لە واقیعی زیندوو ناکات، بەڵکو بە شێوەیەکە لەگەڵ لایەنی باڵادەستدا دەگونجێت و دەسەڵاتی سیاسی تاکە سودمەندە لە یاریکردنی بەعەقڵی بینەر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆن، بۆ دڵنیابوون و کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی و کۆمەڵگە بە گشتی. ئەمەش جەخت لەسەر پەیوەندی قووڵی نێوان ئایدۆلۆژیا و تەکنەلۆژیای پەیوەندی دەکاتەوە، کە تەلەڤزیۆن مەترسیدارترینیانە، چونکە ڕۆڵەکەی تەنها بریتی نیە لە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر بینەر، بەڵکو درێژدەبێتەوە بۆ بوارەکانی تری بەرهەمهێنانی کولتووری لەڕێگەی داڕشتنی عەقڵ و ئاڕاستەکردنی بەپێی ئایدۆلۆژیای ئەو کەسانەی

کە کۆنترۆڵی دەکەن (بوردیو، ٢٠٠٤ :٢١)، هەر لەو چوارچێوەیەدا بۆردیۆ جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە تەلەڤزیۆن واقیع ناگوازێتەوە، بەڵکو زۆر جار واقیعیش دروست دەکات، ئەوەش لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەواڵەکان، چۆنیەتی پێشکەشکردنیان و چوارچێوەبەندییان، ئەمەش دەتوانێت چۆنیەتی دونیابینی نوێ لای بینەران دارێژێت، بە تایبەتی لە کاتی قەیران و ڕووداوە گەورەکاندا، میدیا دەتوانێت ترس بڵاوبکاتەوە، یان ورە بەرز بکاتەوە، بەپێی بەرژەوەندی لایەنە باڵادەستەکان.

کاریگەریی پێشبڕکێ و دیاردەی هاوشێوەیی: بۆردیۆ جەخت لەسەر لێکچوونی شێوازی کاری تەلەڤزیۆنە جیاوازەکان دەکاتەوە، نەک تەنها لە شێوازی پێشکەشکردنی هەواڵ، بەڵکو لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و تەنانەت لە دیدگا سیاسییەکانیشدا (موسی ٢٠٢٣) ، بۆردیۆ پێی وایە ئەم لێکچوونە دەبێتە هۆی دروستکردنی یەکڕەنگییەک لە ڕای گشتی و کەمکردنەوەی فرەجۆریی بیرورا ئەمەش دەتوانێت مەترسیدار بێت لە کاتی قەیرانەکاندا، چونکە ڕای گشتی بە ئاسانی بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو دەبرێت (Bourdieu 1998) . ئەمەش ئەنجامی "ململانێی نێوان ڕۆژنامەنووسانە"، کە سەرنجی سەرەکییان لەسەر بەرزترین ڕێژەی بینەرانە، نەک لەسەر کوالیتی ناوەڕۆک، هەربۆیە پێشبڕکێی بەردەوام لەسەر ڕاکێشانی زۆرترین بینەر و بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە بازاڕی ڕیکلامدا دەکەن، لێرەدا میدیا دەگۆڕێت بۆ بازاڕێک کە تەنها بەدوای قازانجی بازرگانییەوەیە ئەوەش میکانیزمێکی دیکەی دەستکاریکردنی عەقڵ دروست دەکات، کە بۆردیۆ بە "عەقڵییەتی ئۆدیماتی" ناوی دەبات، چونکە دوجار ئەم پێشبڕکێیە دەبێتە هۆی دیاردەی "هاوشێوەیی" (لعیاضي، ٢٠١٩)، تێیدا کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان مەیلیان بۆ لاساییکردنەوەی یەکتر دەبێت لە جۆری ناوەڕۆک و شێوازی پێشکەشکردندا. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵی سەیر و سووک و سەمەرە، وەک ژیانی کەسیی ئەستێرەکان یان ڕووداوە سەیر و سەمەرەکان، کە هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی قووڵ ناوروژێنن و تەنها کاتی گرانبەهای تەلەڤزیۆن بەفیڕۆ دەدەن (خومەیسی، ٢٠٢١)، ئەوەش لەسەر حسابی ئەو هەواڵە جددی و گرنگانەی یارمەتی بینەر دەدەن بۆ تێگەیشتن لە واقیعی خۆیان، بۆردیۆ ئەم دیاردەیە بە "کەرتبوون و یان پەرش و بڵاوی زانیارییەکان ناودەبات، کە تێیدا زانیارییەکان ورد و پەرتەوازە دەکرێن و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا جێگیر ناکرێن، بەمەش بینەر ناتوانێت وێنەیەکی تەواوی ڕووداوەکان و هۆکارەکانیان ببینێت.

خێرایی و کاریگەریی لەسەر وردبینی : یەکێکی دیکە لە چەمکە سەرەکییەکانی کایەی میدیادا، بەتایبەت تەلەڤزیۆن، کە بۆردیۆ باسی دەکات بریتییە لە خێرایی (the fast)، ئەو خێراییە زۆرەی کە تەلەڤزیۆن زانیارییەکانی پێ دەگوازێتەوە و بە شێوەیەکی سەرپێیی مامەڵە لەگەڵ بابەتەکاندا دەکات (موسی، ٢٠٢٣ ، خێرایی گواستنەوەی زانیاری و و پەلەکردن لە کاری ڕۆژنامەوانی لەگەڵ بابەتەکاندا زۆر باوە، بۆردیۆ ئەوە بە قوربانی زانیارییەکانی دەزانێت (لعیاضي، ٢٠١٩). پێشبڕکێی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی پێشەنگی ڕۆژنامەوانی، میدیاکاران ناچار دەکات لەژێر فشارێکی زۆردا کار بکەن، ئەمەش چانسی کاری ڕۆژنامەوانی بنکۆڵکاری و بەدواداچوونی ورد و پشکنینی ڕاستگۆیی بۆ هەواڵەکانیان کەم دەکاتەوە و زۆرجار دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و هەڵە (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). هەروەها

بۆردیۆ باسی ئـەوەش دەکـات تەلەڤزیۆن چۆن مامەڵە لەگەڵ هەواڵەکان دەکات و چۆن شارەزایان و زانکۆییەکان بەکار دەهێنێت بۆ دروستکردنی ئەم ”خێراییە“ کە ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ

تێگەیشتنی ڕەخنەگرانەی دیاردەکان (-Bour dieu ١٩٩٨)، چونکە تەنها زانیارییەکی سەرپێیی دەگەیەنێت. ئەمەش دژی ئەو بیرکردنەوە مێژوویی و فەلسەفییە قووڵەیە کە پێویستی بە کات و ئارامی هەیە، چونکە وەک بۆردیۆ ئاماژەی پێ دەکات ئەم شـێوازەی کـاری ”ڕۆژنـامـەوانی“ تیشک دەخاتە سەر ڕووداوە ڕووکەشەکان و لایەنە قووڵەکانی پشت ڕووداوەکـان پشتگوێ دەخـات. ئەم خێراییە کاریگەری لەسەر بەرنامە گفتوگۆییەکانیش هەیە؛ بۆ نموونە لە تەلەڤزیۆن هانی بیرکردنەوەی قووڵ و دروستبوونی بیرۆکەی نوێ نـادرێ، چونکە بیرکردنەوە پێویستی بە کات و هێمنی هەیە، تەلەڤزیۆنیش بەردەوام کێشەی کەمی کاتی هەیە، بۆیە بەو دۆخە ناتوانێت ئەو ژینگەیە دابین بکات (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). لەبری ئـەوە، میوانەکان ناچار دەکرێن بیرۆکە بـاو و لەپێشینەکان پێشکەش بکەن (لعياضي ٢٠١٩).لـە ئەنجامی ئـەم خێرایی و پێشبڕکێیەدا، تەلەڤزیۆن دەبێتە دروستکەری ”بیرمەندە پەلەکان“، کە ڕۆشنبیرانی تەلەڤزیۆنن و تەنها ڕۆشنبیرییە خێراکان پێشکەش دەکەن (بۆردیۆ ٢٠٢٣). بە بۆچوونی بۆردیۆ میوانانەکانی دیبەیت ساختەن و، بەهاوبەشی گەمە سیاسییەکە وەسفیان دەکـات؛ دوپاتی دەکاتـەوە هەمو ئەو شتانەی لە نێوانیاندا ڕودەدەن لەسەر ئەو بنەمایانەیە، کە پێش ئەوەی بەرنامەکە تۆمار بکرێت یان پیشان بدرێت، لەسەری ڕێککەوتون، (بۆردیۆ) دڵنیایە هەریەکێک لەو دو میوانە سیناریۆیەکی دیاریکراویان هەیە و، گوزارشت لە دیدگەیەکی دوژمنکارانەی ئەوی دیکە دەکات، بەڵام لەوانەیە لە واقیعدا هاوڕێی باش بن! پاساوی ئەوەش ئەو نیگا و ئاماژە و زمانەیە کە لە کاتی گفتوگۆی نێوانیاندا بەکاری دەهێنن، هەروەها پێشکەشکارانیش زۆرجار بێلایەن نین و پشتگیری لایەنێک دەکـەن یـان پاڵپشتی دیدگەی گروپێک دەکات بەسەر گروپێکی تردا، بۆ ئەوەی گفتوگۆکە ناهاوسەنگ بکات و، کەناڵەکەش بە ئامانجەکەی بگات کە بریتییە لە دەربڕینی دیدگەی خۆی و دەستکاریکردنی بیرۆکەی بینەر و سەپاندنی دیدگە و بۆچوونێکی دیاریکراو (بۆردیۆ ٢٠٢٣). ئەم ڕۆشنبیرە تەلەڤزیۆنیانە بە بۆچوونی بۆردیۆ "ساختەن"، چونکە لە بری ئەوەی ڕاستییەکان ڕوون بکەنەوە، کاریان تەنها بریتییە لە ڕازاندنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە خاوەندارانی کەناڵەکە دەیانەوێت بڵاوی بکەنەوە.

زمـان و چەمکەکان: زمـان لـە کـایـەی میدیادا ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، چونکە پەیام لە قۆناغی یەکەمیدا بـە زمـان دروسـت دەکـرێـت. میدیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و زاراوەکانەوە دەتوانێت گێڕانەوەیەکی دیاریکراو بخاتەڕوو و تێگەیشتن لە واقیعێکی دیاریکراو بسەپێنێت (موسى (٢٠٢٣ ، یـەکـێـک لـە گرنگترین و لـە مـەترسیدارترین میکانیزمەکانی یاریکردن بەعەقڵەکان لە ڕێگەی تـەلـەڤزیـۆنـەوە بـە بـۆچـوونـی بـۆردیـۆ بریتیە لە دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان، بۆردیۆ پێی وایە ئەمەش یەکێکە لە میکانیزمەکانی دەسـەڵات، کە لە ڕێگەی زمانی میدیاییەوە کار بۆ سەپاندنی تێگەیشتنێکی دیاریکراو لە واقیع دەکات (-Bour dieu ١٩٩١)، ئـەو ئـامـاژە بـە چۆنیەتی گـۆڕینی زاراوەکـان دەکـات، وەک گۆڕینی "خاوەنی خاک" بۆ "تیرۆریست" و "داگیرکەر" بۆ "خـاوەن ماف"، (سـەفـەر، ٢٠٢٤). بەکارهێنانی زاراوەکـانـی وەک

"شۆڕش" یان "کۆمەڵکوژی" بە شێوەیەکی زۆر گەورەتر لە پێویست، سەرنجی بینەر ڕادەکێشێت و هەستەکانی کۆنترۆڵ دەکات، بەمەش ڕووداوە کەم گرنگەکان دەکرێنە زۆر گرنگ بۆ گەیشتن بە ئامانجە شاراوەکانی پشت ئەم دەستکاریکردنە (بۆردیۆ، ٢٠٢٣). ئەم دەستکاریکردنەی زمان یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی "ڕاستییەکی ساختە"، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتدا دەگونجێت.

کاریگەریی تەلەڤزیۆن لەسەر میدیای نووسراو: هەژموونی تەلەڤزیۆن قەیرانێکی لە بواری ڕۆژنامەنووسی نووسراودا دروست کردووە و قۆرخکاری هەواڵەکانی لێ سەندووەتەوە (العیاضي، ٢٠١٩)، بۆ نموونە بەردەوام ژمارەی بینەرانی بڵاوکراوە هەواڵییەکانی تەلەڤزیۆن زۆر زیاترە لە کۆی خوێنەرانی هەموو ڕۆژنامەکان، ئەمەش وای کردووە ڕۆژنامەکان هەوڵ بدەن "ڕوون" بن، واتە بابەتە گشتییەکان بگرنە خۆیان کە هیچ کێشەیەک دروست ناکەن بۆ ئەوەی زۆرترین خوێنەر بەدەست بهێنن. ئەمەش دیسان پرۆسەی دروستکردنی هاوشێوەیی، بەرهەمهێنانی بێمانایی و نا-سیاسیکردن لە ڕۆژنامەوانیدا پەرە پێدەدات (العیاضي ٢٠١٩). بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن نەک تەنها ڕۆژنامەی کاغەزی لاواز کردووە، بەڵکو سیمای ڕۆژنامەگەری گۆڕیوە و لە قووڵاییەوە گواستوویەتەوە بۆ سەر ڕووکەش و بینراو، جگە لەوەش بۆردیۆ پێی وایە ئەم دۆخە ڕێگەی بۆ میدیاکارانی تەلەڤزیۆن خۆش کردوە تا دەرفەتی زیاتریان بۆ پۆستی گرنگ لە ڕۆژنامەکاندا هەبێت، چونکە لەو دۆخەدا گرنگی بە ناوبانگ دەدرێت نەک ئەزموون (بۆردیۆ ٢٠٢٣).

دژبەرایەتی نێوان واقیعی هزری و واقیعی ڕاگەیاندن: بۆردیۆ پەیوەندی نێوان واقیعی هزری و واقیعی ڕاگەیاندن بە پەیوەندییەکی دژبە یەک دەزانێت، چونکە واقیعی هزری پێویستی بە هێمنی، کات و تێبینی قووڵ هەیە، بەڵام واقیعی میدیا لە ڕێگەی کۆمەڵێک فێڵی وەک شێوازی هەڵبژاردنی وشە و چەمکەکان و، چوارچێوەی سیاسەتی میدیایی بۆ هەواڵەکان و تەنانەت لە تەرخانکردنی کات بۆ بابەتێکی دیاریکراودا خۆیان دەبیننەوە. ئامانجی ئەم میکانیزمانە ئەوەیە کۆنترۆڵی سەرچاوەی زانیارییەکان بکرێت و ڕێگە نەدرێت بە خوێنەر یان بینەر بەشێوەیەکی سەربەخۆ بیرکردنەوەیەکی قوڵ بکات. بۆردیۆ پێی وایە کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆرێک لە "واقیعی دووەم" کە لە ڕێگەی میدیاوە شێوەی پێدەدرێت . (Bour-dieu ١٩٩٨)، بۆیە لە واقیعی ڕاگەیاندن خێرایی و کەمتر وردبینی پێویستە، سەرەڕای ئەم دژایەتییە، تەلەڤزیۆن بیرۆکەی "بیرمەندی خێرا"شی دروست کردووە کە لەسەر بابەتێکی دیاریکراو قسە دەکات و بڕیاری پێشوەختەی لەسەر هەیە و، خەڵکیش ئەم بڕیارانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەردەگرن و بە ژەمێکی کەلتووری دادەنێن (بۆردیۆ، ٢٠٢٣)، بەڵام ئەم خێراییە قووڵایی و توانای شیکردنەوەی لە بینەران سەندووەتەوە، بۆردیۆ هۆشداری دەدات لەوەی ئەم میکانیزمانە دەبنە هۆی دروستبوونی کەلێنێکی قووڵ لە نێوان ئەو توێژانەی کە توانای دروستکردنی کەلتووری سیاسییان لە کتێب و ڕۆژنامەکانەوە هەیە، لەگەڵ توێژە جەماوەرییەکان کە تەنها بە هەواڵی تەلەڤزیۆن خۆیان سەرقاڵ دەکەن (العیاضي، ٢٠١٩). ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی دابەشبوو کە تێیدا تێگەیشتن لە واقیع جیاوازە.

ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کایەی میدیادا: بۆردیۆ لە کتێبەکەی "تەلەڤزیۆن و میکانیزمەکانی یاریکردنی

بەعەقڵ"، ڕەخنە لە ڕۆڵی شارەزایان و پسپۆڕە زانکۆییەکان لە کایەی میدیادا دەگرێت، ئەو پێی وایە کاتێک ڕۆشنبیران بەشداری لە پرۆگرامە میدیاییەکاندا دەکەن، ناچار دەبن خۆیان لەگەڵ "خێرایی" و سەرپێیبوونەکەی میدیادا بگونجێنن، ئەمەش ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ و ڕەخنەگرانە. بۆردیۆ تەنانەت پێشنیازی بایکۆتکردنی میدیای لەلایەن ڕۆشنبیران و مامۆستایانی زانکۆوە کردوە، چونکە پێی وایە میدیا لە توانایدایە هەموو شتێک بکاتە شتێکی گشتی و ڕووکەش و ناچار بە گفتوگۆیەکی نالۆژیکی بکات (Bourdieu ١٩٩٨)، ئەمەش نیشانەی باوەڕی بۆردیۆیە بەوەی کایەی میدیا توانای هەیە لۆژیکی بوارەکانی دیکەش بشێوێنێت.

تەلەڤزیۆن وەک میکانیزمی توندوتیژی هێمایی: بۆردیۆ پێی وایە تەلەڤزیۆن یەکێکە لە ئامرازەکانی توندوتیژی هێمایی (اسماعیل ٢٠٢٢)، چونکە لە ڕێگەی دروستکردنی گێڕانەوەی دیاریکراو و بەکارهێنانی زمانی میدیایی، دەتوانێت نۆرم و بەها کەلتوورییەکان و سەلیقە و شێوازی ژیان و تێگەیشتن و جیهانبینییەکانی چینی باڵادەست لە واقیع بچەسپێنێت، ئەمەش بە نائاگاییەوە لەلایەن وەرگرەوە قبوڵ دەکرێت. لەسەر ئاستی پەروەردەشدا، ئەم بابەتە دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئەدای ئەکادیمی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتیان هەبێت، بۆ نموونە تەلەڤزیۆن دەتوانێت درێژە بە نایەکسانی کۆمەڵایەتی بدات بە بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندییە کەلتوورییەکان (قراینیة ٢٠٢٣: ٦٤). بۆردیۆ پێشنیاز دەکات کە پەروەردە دەبێت ڕۆڵێکی چالاک لە فێرکردنی تاکەکان بگێڕێت، کە چۆن بە شێوەیەکی ڕەخنەیی لە تەلەڤزیۆن بڕوانن و پەیامەکانی شیبکەنەوە، بەڵام لە وڵاتانی گەشەسەندوودا کە ڕێژەی خوێندەواری کەمە، بە تەواوی پشت بە تەلەڤزیۆن وەک تاکە سەرچاوەی زانیاری دەبەستن (خومەیسی ٢٠٢١)، وا دەکات تەلەڤزیۆن ببێتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ گواستنەوەی کەلتوور بە گشتی و سەپاندنی کۆنترۆڵی دەسەڵاتی سیاسی بەسەر ڕای گشتی و کۆمەڵگادا (بۆردیۆ ٢٠٢٣). بۆردیۆ دژی ئەم جیهانگیری و ناوەندگەراییە وەستاوەتەوە و بە بوێرییەوە ڕەخنەی لە هەموو ئەو لایەنانە گرتووە کە دژی بیرۆکەکانی بوون .

کەواتە ڕوانگەی پییەر بۆردیۆ بۆ کۆمەڵناسی میدیایی دیدگایەکی قووڵ و ڕەخنەگرانەیە سەبارەت بە ڕۆڵی میدیا لە کۆمەڵگەدا، چەمک و بیرۆکەکانی وەک (خێرایی)، (دەستکاریکردنی ڕای گشتی) و، (لێکچوونی میدیاکان) لە شیکردنەوەی ئاڵۆزییەکانی میدیای هاوچەرخ هێشتا نوێ و کاریگەرن، بەتایبەتی لە کاتی قەیرانەکان و شەڕ و ململانیەکاندا، میدیا لە ڕێگەی زمان و چوارچێوەبەندییەوە دەتوانێت ڕای گشتی شێوە پێبدات و تەنانەت واقیعێکی دروستکراو بسەپێنێت، هەرچەندە بۆردیۆ ڕەشبین بووە سەبارەت بە توانای میدیا بۆ گەیاندنی ڕاستی، بەڵام تیۆر و هزر و بۆچوونەکانی دەتوانن وەک ڕێبەرێک خزمەت بکەن بۆ پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن خوێنەران و بینەرانەوە، چونکە لە جیهانێکی پڕ لە زانیاریی ناکۆکدا، تێگەیشتن لە میکانیزمەکانی دەستکاریکردنی میدیایی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی بیرکردنەوەی سەربەخۆ و بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی ڕاستەقینە لە واقیع.

## تیۆری و بۆچونەکانی بۆردیۆ لە چوارچێوەی میدیای هاوچەرخدا

تیۆر و بۆچونەکانی بۆردیۆ، کە لە بەرهەمە زانستیەکانیدا بەتایبەت لە کتێبی (تەلەڤزیۆن و

میکانیزمەکانی یاریکردنی بەعەقڵ) سەبارەت بە میدیا پێشکەشی کردوە، هەرچەندە لە سەردەمێکی پێش ئینتەرنێت و سۆشیال میدیادا داڕێژراون، بەڵام هێشتا لێکدانەوەیەکی قووڵ و گونجاو بۆ تێگەیشتن لە میدیای نوێ و هاوچەرخ پێشکەش دەکەن، هەرچەندە هزر و بۆچونەکانی بۆردیۆ لەسەر تەلەڤزیۆن بووە، بەڵام ئەو میکانیزمانەی پێشتر ئاماژەی پێداون، بە شێوەیەکی بەرچاو لە پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکانیشدا بەدی دەکرێن، بۆ نموونە:

لە سەردەمی "شەڕی زانیارییەکان" و بڵاوبوونەوەی خێرای میدیای دیجیتاڵیدا، تیۆرەکانی پییەر بۆردیۆ سەبارەت بە خێرایی و لێکچوونی میدیاکان گرنگییەکی زۆریان هەیە. بۆ نموونە، لە کاتی ململانێکاندا شەڕەکە لە سەر زەوی و لە زماندا بەردەوامە و، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان واقیعی ڕووداوەکانی کوشتن و ئاوارەیی و توندوتیژی، لەگەڵ ئەو زمانەی لایەنێکی داگیرکاری وەک تورکیا بەرامبەر بە گەلی کورد بەکاری دەهێنێت بۆ پێشکەشکردنی گێڕانەوەیەک لەسەر بنەمای چەمکی قوربانیبوون." ، ئەمەش بە تەواوی لەگەڵ تێڕوانینی بۆردیۆدا دەگونجێت کە چۆن میدیا دەتوانێت واقیعێکی دیکە دروست بکات کە ڕەنگە لە واقیعی ئەسڵی دوور بێت" (خومەیسی ٢٠٢١) سەرنجڕاکێشانی خەڵک بۆ شتێکی تر جگە لەوەی بەڕاستی دەیکەن" بنەمای کاری فێڵ و خوڵ لەچاوکردنە، کە میدیا بە شێوەیەک لە شێوەکان بۆ ساختەکردنی واقیع بەکاری دەهێنێت و، لە کاتی شەڕ و ململانێ و قەیرانەکاندا زیاتر بەرجەستە دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواندنی ڕای گشتی.

لەلایەکی دیکەوە بۆردیۆ تەلەڤزیۆن وەک "جادووگەرێک" وەسف دەکات کە سەرنجی بینەران بۆ شتێکی کەم بایەخ ڕادەکێشێت تا شتێکی دیکەی گرنگتر بشارێتەوە (لعياضي، ٢٠١٩). ئەم بیرۆکەیە بە تەواوی لە میدیای نوێدا ڕەنگدانەوەی هەیە. لە پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک، تویتەر (X)، ئینستاگرام، و تیکتوک، زۆرجار ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش، وێنە و ڤیدیۆی زۆر وروژێنەر یان گاڵتەجاڕانە بڵاو دەکرێتەوە و، سەرنجی ملیۆنەها بەکارهێنەر ڕادەکێشن. لەم کاتەدا، هەواڵ یان بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە قووڵەکان پشتگوێ دەخرێن یان بە شێوەیەکی کەم ڕووماڵ دەکرێن. زۆرجار، ئەم ناوەڕۆکە "کەم گرنگانە" لەلایەن ئەلگۆریتمەکانەوە بە بەکارهێنەران پێشان دەدرێن بۆ ئەوەی زیاتر لە پلاتفۆرمەکەدا بمێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هاوڵاتییان لە ڕووداوە بنەڕەتییەکان دابڕێن و نەتوانن بە شێوەیەکی دروست بیر لە کێشەکانی کۆمەڵگەکانیان بکەنەوە.

هەروەها سەبارەت بە پرسیارەکەی بۆردیۆ، کە دەپرسێ "کێ خاوەنی زانیارییە؟" (خومەیسی، ٢٠٢١)، ئەوە لە سەردەمی میدیای نوێدا وەڵامی پرسیارەکە ئاڵۆزتر بووە. لە کاتێکدا تەلەڤزیۆن خاوەندارێتییەکەی ڕەنگە لە دەستی دەوڵەت یان سەرمایەدارە گەورەکاندا بێت، بەڵام لە میدیای نوێدا، کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تەکنۆلۆژیا وەک مێتا (فەیسبووک و ئینستاگرام)، گووگڵ (یوتیووب) و تیکتۆک...هتد خاوەنی پلاتفۆرمەکانن. ئەم کۆمپانیایانە لە ڕێگەی ئەلگۆریتمەکانیانەوە، دەتوانن دیاری بکەن کە چ زانیارییەک بە بەکارهێنەر بگات و و چ زانیارییەک نەگات. ئەمەش وای کردووە دەستکاریکردنی ڕای گشتی ئاسانتر بێت، چونکە ئەلگۆریتمەکان تەنیا ئەو زانیارییانە بە بەکارهێنەر دەدات، کە لەگەڵ بیروباوەڕەکانی خۆیدا دەگونجێن، بەمەش ئاراستەیەکی دیاریکراوی فیکری بەسەریدا

دەسەپێنن، جگە لـەوەش بونی هــەزاران لاپـەڕەی خاوەن نادیار و سێبەری پارت و گروپ و کەسایەتی و لایەنە سیاسی و ئابوری و...هتد دۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردوە.

بۆردیۆ خێرایی و پەلەپەلی وەک لایەنێکی لاوازی تەلەڤزیۆن دەبینێ، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی وردبینـی و بـڵاوکـردنـەوەی زانـیـاری نـادروسـت (لعياضي، ٢٠١٩)، بەڵام ئەم دیاردەیە لە میدیای نوێدا بە شێوەیەکی زۆر مەترسیدارتر بـەدی دەکرێت. لەگەڵ بڵاوبوونـەوەی خێرای هـەواڵ و ڤیدیۆ لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، چانسی پشکنین و پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان زۆر کەم بۆتەوە. هەواڵی ساختە (Fake News)، بڵاوکردنەوەی زانـیـاری چـەواشـەکـارانـە (Misinformation) و، پروپاگەندە بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر بڵاو دەبنەوە و کاریگەرییەکی گەورە لەسەر ڕای گشتی دروست دەکەن پێش ئەوەی بتوانرێت ڕاستییەکان ڕوون بکرێنەوە. ئەمەش بووتە هۆی دروستبوونی "بیرمەندە پەلەکان"ی سەردەمی دیجیتاڵی کە بێ پشکنین و وردبینی، بیرۆکەکانیان بڵاو دەکەنەوە.

دەسـتـکـاریـکـردنـی زمــان و چــەمـکـەکـان، کە بۆردیۆ ئـامـاژەی پێداوە وەک گۆڕینی "خاوەنی خاک" بۆ "تیرۆریست" (سەفەر ٢٠٢٤)، لە میدیای نوێدا بووەتە ئامرازێکی کاریگەرتر. هاشتاگەکان (Hashtags)، میمەکان (Memes) و، دەستەواژە کورتکراوەکان دەتوانن بە خێرایی مانای چەمکەکان بگۆڕن و کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی خەڵک دروست بکەن. بۆ نموونە، لە کاتی ململانێ سیاسییەکاندا، لایەنەکان زاراوەی دیاریکراو بەکار دەهێنن بۆ جەمسەرگیری و دروستکردنی وێنەیەکی نەرێنی لـەسـەر نـەیارەکانیان. ئـەمـەش شێوازی تێگەیشتنی خەڵک لە ڕووداوەکـان دەشێوێنێت و دەبێتە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵایەتی.

بەهـەمـان شێوە دیــاردەی "هـاوشـێـوەیـی" کە بۆردیۆ لە چوارچێوەی بیروبۆچوونەکانیدا لەسەر میدیای کلاسیک خستویەتەڕوو، لە میدیای نوێشدا پــەرەی ســەنــدووە. ئەلگۆریتمەکانی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکان زۆرجار تەنیا ئەو جۆرە ناوەڕۆکە پیشانی بەکارهێنەران دەدەن، کە پێشتر حەزیان لێبووە یـان کارلێکیان لـەگـەڵ کــردووە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بیروباوەڕەکانی خۆیان و دوورخستنەوەیان لە دیدگا جیاوازەکان. گرووپە میدیاییە دیجیتاڵییە گەورەکان و ئینفلوێنسەرەکان (Influencers) زۆرجار هەمان جۆرە ناوەڕۆک و هەواڵ بڵاو دەکەنەوە، بەتایبەتی لە کاتی ڕووداوە گەرمەکاندا، ئەمەش دەبێتە هـۆی دروستبوونی گێڕانەوەیەکی باو و سنووردارکردنی فرەیی دیدگا و بۆچوونەکان.

بە گشتی، تێڕوانینەکانی بۆردیۆ سەبارەت بە تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی یاریکردن بەعەقڵ، نەک هەر دروستن، بەڵکو لەگەڵ سەرهەڵدانی میدیای نوێدا قووڵتر و ئاڵۆزتر بوون. میدیای نوێ، سەرەڕای ئاسانکارییەکانی بۆ دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، لە هەمان کاتدا دەرفەتی زیاتری بۆ دەستکاریکردنی ڕای گشتی و بڵاوکردنەوەی زانیاری چەواشەکارانە ڕەخساندووە. ئەمەش پێویستی بە هۆشیارییەکی زیاتر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە هەیە بۆ پشکنینی ڕاستگۆیی و بێلایەنی سەرچاوەی زانیارییەکان.

بەگشتی لـە ڕوانـگـەی بـۆردیـۆوە، پـرۆسـەی شێواندنی "واقیعی کۆمەڵایەتی" لەلایەن میدیاوە تەنها گۆڕینی ڕووداوەکـان نییە، بەڵکو ڕێک ئەو میکانیزمەیە کە لە ڕێگەیەوە "وێنەی کۆمەڵایەتی" (Social Image) دروست دەکرێت و دەسەپێنرێت. (بـۆ نـموونـە گـۆڕیـنـی وێـنـای خــاوەن خــاک بۆ

تیرۆریست)، مەبەست لێی ئەوەیە کە میدیا خەریکی بنیاتنانی وێنەیەکی کۆمەڵایەتیی دەستکردە (Con-structed Image) کە جێگەی ڕەوشە ڕاستەقینەکە دەگرێتەوە. واتە شێواندنی واقیع ئامرازەکەیە، بەڵام چەسپاندنی ئەو "وێنە کۆمەڵایەتییە" لە زهنییەت و (هابیتوس)ی تاکەکاندا، دەرەنجامە سەرەکییەکەیە کە وا دەکات تاکەکان ناسنامە و پێگەی خۆیان و ئەوانی دیکە بەو شێوەیە ببینن کە میدیا وێنای کردووە، نەک وەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە.

لەو چوارچێوەیەدا، میدیا لە ڕێگەی دابەشکردنی "سەرمایەی ڕەمزی" (وەک پێدانی شکۆ بە هەندێک کەسایەتی و ستایلی ژیان و پەراوێزخستنی هەندێکی تر) وێنەی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکان دیاری دەکات. وێنەی کۆمەڵایەتی لای بۆردیۆ بریتییە لەو تێڕوانینە باوەی کە میدیا دەیسەپێنێت و دەبێتە پێوەر بۆ قبوڵکردن یان ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی. بۆیە میدیا نەک تەنها زانیاری دەشێوێنێت، بەڵکو "ناسنامە" و "وێنەی کۆمەڵایەتی" تاک و گرووپەکان لە قاڵب دەدات، بەجۆرێک کە وێنە میدیاییەکە (The mediated image) زاڵ دەبێت و دەبێتە ئەو بەها کۆمەڵایەتییەی خەڵک مامەڵەی لەگەڵ دەکەن، ئەمەش کرۆکی کاریگەریی هەژموونی سیمبولییە لە جیاکردنەوەی وێنەی دروستکراو لە ڕەوشە واقیعییەکە.

## ئەنجام

لێرەدا پوختەی گرنگترین ئەنجامەکان و پێشنیازەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار و ڕاسپاردەکان بۆ توێژەرانی داهاتوو دەخەینەڕوو:

### گرنگترین ئەنجامەکان

بۆردیۆ میدیا وەک کایەیەکی سەرەکی دەسەڵات و ئامرازێک بۆ بڵاوکردنەوەی هەژموونی سیاسی و هزری سەرمایەداری بۆ ململانێی بەدەستهێنانی هەژموونی سیمبولی دەبینێت، نەک تەنها وەک سەرچاوەیەکی بێلایەنانەی گواستنەوەی زانیاری.

چەمکەکانی هابیتوس (Habitus) و جۆرەکانی سەرمایە (Economic, Social, Cultural, Symbolic Capital) کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی لێکدانەوە و بەکارهێنانی میدیا لەلایەن تاکەکانەوە هەیە، ئەمەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی دروستبوونی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەگرتنی وێنەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی کارلێکی نێوان پاشخانی کۆمەڵایەتی تاکەکان و پەیامە میدیاییەکان.

تەلەڤزیۆن وەک "میکانیزمەکانی یاریکردنی بە عەقڵ" کار دەکات، بەتایبەتی لە ڕێگەی "شاردنەوەی زانیاری لە ڕێگەی دەرخستنەوە"، "کۆنترۆڵی خاوەندارێتی و ئاراستەکردنی زانیاری"، "خێرایی و کاریگەری لەسەر وردبینی"، "دیاردەی هاوشێوەیی" و "دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکان"، ئەم میکانیزمانەش واقیعێکی دروستکراو دەسەپێنن کە ڕەنگە لە واقیعی ڕاستی دوور بێت.

تەلەڤزیۆن و میدیا ڕۆڵیان لە سەپاندنی توندوتیژی سیمبولی (Symbolic Violence) هەیە، کە نۆرم و بەها و جیهانبینی چینی باڵادەست بە شێوەیەکی نائاگایانە بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێت و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانەوەی پلەبەندییە کەلتوورییەکان

و نایەکسانی کۆمەڵایەتی، قوربانییەکانیش بە شێوەیەکی سروشتی وەریدەگرن.

پێشبڕکێی نێوان دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەدەستهێنانی بینەر و قازانج، دەبێتە هۆی دیاردەی "هاوشێوەیی" لە ناوەڕۆک و شێوازی پێشکەشکردندا. ئەمەش لەگەڵ "خێرایی" لە گواستنەوەی زانیاری، وردبینی کەم دەکاتەوە و دەبێتە هۆی بڵاوکردنەوەی زانیاری نادروست و ڕووکەش.

میدیا، بەتایبەت تەلەڤزیۆن، توانای دەستکاریکردنی زمان و چەمکەکانی هەیە، بە جۆرێک کە گێڕانەوەیەکی دیاریکراو دەسەپێنێت و تێگەیشتنێکی تایبەت لە واقیع دروست دەکات، ئەمە بە یەکێک لە مەترسیدارترین میکانیزمەکانی یاریکردن بە عەقڵەکان دادەنرێت.

دژبەرایەتییەکی زۆر لە نێوان بیرکردنەوەی قووڵی هزری و واقیعی ڕاگەیاندنی خێرا و ڕووکەشدا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی "واقیعی دووەم"، کە لە ڕێگەی میدیاوە شێوەی پێدەدرێت و کاریگەری لەسەر توانای تاکەکان بۆ بیرکردنەوەی سەربەخۆ دادەنێت.

هەژموونی تەلەڤزیۆن قەیرانێکی لە بواری ڕۆژنامەوانی نووسراودا دروست کردووە، وای کردووە ڕۆژنامەکان هەوڵ بدەن ڕووکەش بن و بەدوای ناوبانگدا بگەڕێن، نەک قووڵایی و وردبینی.

ڕەخنەکانی بۆردیۆ لەسەر ڕۆڵی شارەزایان و پسپۆڕانی زانکۆ لەبواری میدیادا ئەوە نیشان دەدات، کە ناچار دەکرێن خۆیان لەگەڵ "خێرایی" و سەرپێییبوونی میدیادا بگونجێنن، ئەمەش ڕێگە نادات بە شیکردنەوەی قووڵ و ڕەخنەگرانە و دەبێتە هۆی دروستبوونی "بیرمەندە ساختەکان" کە تەنها بیرۆکە باوەکان پێشکەش دەکەن.

سەرەڕای ئەوەی بیرۆکەکانی بۆردیۆ لە سەردەمی تەلەڤزیۆندا داڕێژراون، بەڵام بە تەواوی گونجاون بۆ شیکردنەوەی دیاردەکانی میدیای دیجیتاڵی و سۆشیال میدیای هاوچەرخ. ئەم گونجاندنە لە "شەڕی زانیارییەکان"، کاریگەری ئەلگۆریتمەکان و بڵاوبوونەوەی هەواڵی ساختەدا (Fake News) بە ڕوونی دەردەکەوێت، کە وەک ئامرازی نوێ بۆ دەستکاریکردنی عەقڵ و داڕشتنی واقیع کار دەکەن.

توێژینەوەکە جەخت لە پێویستی بە پەرەپێدانی هۆشیارییەکی میدیایی بەهێز و توانایەکی ڕەخنەگرانە لەلایەن وەرگر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرەنگاری دەستکاریکردن و گومڕاکردن ببێتەوە لە جیهانێکی پڕ لە زانیاریی ناکۆکدا.

بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی توێژینەوەکە پێشنیاز دەکات هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گشتی لەسەر کاریگەرییە نەرێنییەکانی میدیای چەواشەکارانە و هەژموونی سیمبولی میدیا ئەنجام بدەن، بۆ هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاریگەری ئەو دامەزراوە میدیایی و تەلەڤیزیۆنانەی بەشێوەیەکی ناپیشەیی کار دەکەن.

## لیستی سەرچاوەکان


به کوردی

-ئەحمەد، شوان (٢٠٠٦) چەند بابەتێکی فیکری، سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک).

-بۆردیۆ، پییێر (٢٠٢٣) سەبارەت بە تەلەڤزیۆن و دەسەڵاتی ژورنالیزم، وەرگێرانی: مەنسوور تەیفووری، سلێمانی: چاپخانەی سەردەم.

-زێباری، تاهیر حەسۆ (٢٠١٧) تیوری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.

-سیوەیلی، ڕێبوار (٢٠١٠) پییەر بۆردیۆ کۆمەڵناسی فەرەنسی، هەولێر: چاپخانەی موکریانی.

- هەمەوەند، حەیدەر (٢٠١٧) پییێر بۆردیۆ، لەم بەستەرە بەردەستە: Bourdieu, Pierre پییێر بۆردیۆ ... نووسینی : حەیدەر هەمەوەند – Denegkan ، ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢٥/٨/٢٥.

به عەرەبی

-أرنتروبوس (٢٠١٠) بيير بورديو، متاح في هذا الرابط: بيير بورديو (aranthropos.com)، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٨/٣٠.

-إسماعيل، ع. (٢٠٢٢) قراءة ومستخلص في كتاب التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول، للكاتب الفرنسي (بيير بورديو) متاح في: قراءة ومستخلص في كتاب التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول، للكاتب الفرنسي (بيير بورديو) – Sudan Liberation Move-ment/Army – Broad People's Alliance، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥.

-بورديو، بيير (٢٠٠٤) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول (ترجمة: درويش الحلوجي) دمشق: دار كنعان للدراسات و النشر و الخدمات الإعلامية.

-بورديو، بيير (٢٠١٣) قواعد الفن (الترجمة: ابراهيم فتحي) القاهرة: الهيئة المصرية العامة.

الخميسي، أ. (٢٠٢١) بيير بورديو.. آليات التلاعب بالعقول. متاح في: أحمد الخميسي – بيير بوردو .. آليات التلاعب بالعقول، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٨/٤.

سفر، م. (٢٠٢٤) التلاعب بالعقول. متاح في : التلاعب بالعقول » جريدة الصباح ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٣

قرانية، س. (٢٠٢٣) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول في ضوء سوسيولوجيا بيير بورديو. جامعة البويرة، الجزائر.

لعياضي، ن. (٢٠١٩) التلفزيون وآليات التلاعب بالعقول لـ بيير بورديو. متاح في: .https://nlayadi com/١٦/٠٩/٢٠١٩/التلفزيون-وآليات-التلاعب-بالعقول P. Bourdieu زتاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥

موسى، أ. (٢٠٢٣) التلفزيونات وآليات التلاعب بالعقول. الشرق الأوسط. متاح في: .https://aawsat com/الرأي/٤٦٣٠٩٦٦-التلفزيونات-وآليات-التلاعب-بالعقول ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٧/١٥

به ئینگلیزی

Abbas, K. F. (2021) "The Impact of Television on Humans Pierre Bourdieu and Regis Dupre: - A Comparative Study-", *Al-Adab Journal*, 1(137), pp. 627–648. DOI: https://doi.org/10.31973/aj.v1i137.1113

Ball, S. J. (2003) *Class Strategies and the Education Market: The Middle Classes and Social Advantage*. London: Routledge.

Benson, R., & Neveu, É. (Eds.) (2005) *Bourdieu and the Journalistic Field*. Cambridge: Polity Press.

Bourdieu, P. & Passeron, J.-C. (1990)

*Reproduction in Education, Society and Culture*. 2nd edition. London: Sage Publications.

Bourdieu, P. (1977) *Outline of a Theory of Practice*. Cambridge: Cambridge University Press.

Bourdieu, P. (1986) “The Forms of Capital” in J.G. Richardson (Ed.), *Handbook of Theory and Research for the Sociology of Education* (pp. 241-258). New York: Greenwood Press.

Bourdieu, P. (1990) *The Logic of Practice*. Cambridge: Polity Press.

Bourdieu, P. (1991) *Language and Symbolic Power*. Cambridge, MA: Harvard University Press.

Bourdieu, P. (1996) *On Television*. New York: The New Press.

Couldry, N. & Hepp, A. (2017) *The Mediated Construction of Reality*. Cambridge: Polity Press.

Robbins, D. (2002) “Bourdieu, Pierre (1930-2002)”, Available at this link: https//:www.researchgate.net/publication_47529216/Bourdieu_Pierre2002-1930_ , Date of visit (28/8/2025).

The Editors of Encyclopedia Britannica (2023) "Pierre Bourdieu", Available at this link: https://www.britannica.com/biography/Pierre-Bourdieu, Date of visit (15/8/2025).

ملخص

في المجتمع المعاصر، يلعب الإعلام دورا حاسما في تشكيل إدراكنا للعالم والهوية الاجتماعية. يتناول هذا البحث بشكل معمق منظور عالم الاجتماع الفرنسي بيير بورديو حول سوسيولوجيا الإعلام وكيفية تأثير الهيمنة الرمزية في صياغة الصورة الاجتماعية، لا سيما من خلال التلفزيون. يهدف البحث بشكل أساسي إلى تحليل المفاهيم المحورية لبورديو المتعلقة بالإعلام، مثل "السرعة"، "العنف الرمزي"، "تجانس وسائل الإعلام"، "التلاعب باللغة والمفاهيم"، و"إخفاء المعلومات". كما يسلط الضوء على انتقادات بورديو لدور الإعلام في خلق التضليل، خاصة عبر التلفزيون. اعتمد البحث على المنهج التحليلي النظري (Theoretical Analysis)، حيث حلل بعمق الأعمال الرئيسية لبورديو، خصوصا كتابه (على التلفزيون: آليات اللعب بالعقول)، وقيم وجهات نظره بشكل عام في سياق الإعلام المعاصر. خلص البحث إلى مجموعة من النتائج الهامة، أبرزها: يعمل الإعلام كمجال قوة ويفرض هيمنته الرمزية؛ تلعب مفاهيم الحقل (Habitus) ورأس المال أدوارا محورية في تشكيل الصورة الاجتماعية وإعادة إنتاج اللامساواة؛ يستخدم التلفزيون كآلية فعالة للتلاعب بالآراء وتشويه الواقع؛ تؤدي السرعة والمنافسة في الإعلام إلى تقليل الدقة ونشر معلومات سطحية وغير صحيحة. علاوة على ذلك، لا تزال آراء بورديو مناسبة ومفيدة جدا لفهم تأثيرات الإعلام الرقمي وحرب المعلومات، مما يستدعي وعيا إعلاميا قويا للحفاظ على التفكير المستقل.

الكلمات المفتاحية: بيير بورديو، سوسيولوجيا الإعلام، التلفزيون، العنف الرمزي، رأس المال الرمزي.

Abstract

In contemporary society, media plays a decisive role in shaping our understanding of the world and our sense of social identity. It not only reflects cultural and political realities but also actively constructs them, influencing the way individuals and groups perceive themselves and others. This study focuses on the perspective of French sociologist Pierre Bourdieu on media sociology and examines how symbolic hegemony operates through media institutions to influence the construction of social imagery, with particular attention to the power of television as a dominant medium. The primary objective of this research is to analyze Bourdieu's major concepts related to media, including celerity, symbolic violence, and media homogenization, manipulation of language and concepts, **and** concealment of information. Each of these concepts' sheds light on the subtle yet powerful mechanisms through which media influences thought and behavior. Furthermore, the study aims to clarify Bourdieu's critique of the media's role, especially television, in creating illusions that mislead the public by presenting partial realities as complete truths Methodologically, the study adopts a theoretical analysis of Bourdieu's seminal works, with particular emphasis on *Television*, and evaluates his broader arguments within the contemporary context of modern media practices. Findings reveal that media functions as a field of power, imposing symbolic hegemony on audiences. Habitus and capital play central roles in shaping social imagery and reproducing social inequality. Television emerges as a particularly effective mechanism for manipulating opinions and distorting reality. Moreover, the speed and competitiveness of media production limit opportunities for critical scrutiny, resulting in the circulation of superficial, sensational, and sometimes inaccurate information. Ultimately, Bourdieu's insights remain highly relevant in the digital era, offering tools to understand online platforms, digital propaganda, and information warfare. This underscores the importance of media literacy and critical awareness as safeguards for independent thought and democratic engagement.

**Keywords:** Pierre Bourdieu, Media Sociology, Television, Symbolic Violence, Symbolic Capital